هەرێمی کوردستان: سبەینێ تەواوکەری مانگی ڕەمەزانەو هەینی جەژنە



لیژنەی باڵای بینینی مانگ لەلایەن هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، سبەی پێنجشەممە تەواوکەری مانگی ڕەمەزانەو ڕۆژی هەینی جەژنە.

پشتیوان سادق، وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی هەرێم، ئاوارەی ئەمڕۆ چوارشەممە، لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، لیژنەی باڵای بینینی مانگ لەلایەن هەرێمی کوردستان، کۆبوونەوە بەمەبەستی دەستنیشانکردنی یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆز.

وتیشی، بەپشتبەستن بەبەڵگەکان لیژنەی باڵا رایدەگەیەنێت کەسبەی پێنجشەممە، تەواوکەری مانگی ڕەمەزانی پیرۆزەو ڕۆژی هەینی 20ی ئاداری 2026، یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆز دەبێت.